Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090304

# هاوسەرگیری سەلجوقییەکانی رۆم(٤٧٠-٦٣٤ك/ ١٠٧٧-١٢٣٧ز) لەگەڵ هێزەکانی دەوروبەر

زانا اکرم صدیق    نیشتمان بشیر محمد

بەشی مێژوو // کۆلێژی ئەدەبیات// زانکۆی سەلاحەدین

Article Info

Received:February,2022
Accepted : April,2022
Published :June ,2022

Keywords

سەلجوقییەکانی،هاوسەرگیری لەمێژوودا،مێژووی ئیسلام لە ئەنادۆل.

Corresponding Author

Zana.akram@gmail.com

**پوختە:**

سەلجوقییەکانی رۆم دەوڵەتیکی ئیسلامی بوو لە ناوچەکانی ئەنادۆڵ دامەزرا، لە دوای سەرکەوتنیان لە جەنگی مەلازگرد بەرامبەر بە رۆمە (بیزنطی)هکان، پەیوەندی ئەم دەوڵەتە لە بەرامبەر هێزو گروپەکانی دەرەوە لەسەر بناغەی ئاشتی و هەم شەر وەستا بووە، بۆ ئەم مەبەستە پرۆسەی هاوسەرگیری سیاسیان پەیرەو کردووە، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانیان بەهێز بکەن لەگەڵ هێزو گرووپەکاندا، زۆر جار ئەو هاوسەرگیرییە ئامانجەکەی پێکاوەو ئاشتی بەرقەرر بووە، لە هەندێ کاتیش پەیوەندییەکانیان بەرەو هەڵدێر رۆیشتووەو ئەو هاوسەرگیرییە نەیتوانیووە پەیوەندییەکان بە بەهێزی بهێڵێتەوە.

لە گرنگترین ئەو بەربەستانەی هاتنە رێگەی نووسینەوەی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە مێژوونووسان بایەخێکی ئەوتۆیان بەلایەنی هاوسەرگیری نەداوە بەتایبەتی ژیانی تایبەتی سەلجوقیەکانی رۆم وکەسانی باڵا لەناو دەوڵەتەکە بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگەی تورکی کۆمەڵگەیەکی داخراوبووە، زیاتر گرینگیان بەلایەنی سیاسی و سەربازی داوە و ئەو بابەتانەیان باسکردووە کە گشتین نەوەکو چوونە ناو ژیانی تایبەتی، بەڵام چەند توژینەوەو کتێبێک لەم بارەوە هەن وەک: المصاهرات السیاسیة بین خلفاء العباسیین وسلاطین السلاجقة (٤٤٧ - ٥٩٠هـ / ١٠٥٥ - ١١٩٣م). محمد، نیشتمان بشیر.

لەبەر گرنگی و بایەخی بابەتی هاوسەرگیری سیاسی سەلجوقیەکان، بە باشمان زانی ئەم بابەتە بکەینە ناونیشانی توێژینەوەکەمان، لەلایەکی ترەوە بابەتی هاوسەرگیری سیاسی سەلجوقیەکانی رۆم لەگەڵ لایەن و وڵاتانی دەوروبەر نەبۆتە جێی باسی نووسەران و مێژوونوسان بۆیە تیشک خستنە سەر ئەم بابەتە گرنگە و بەشێکی گرنگە لە مێژووی ئیسلامی لە ناوچەکە.

ئەم توێژینەوەیە لە پوختە و پێشەکی ودەرئەنجام و سێ تەوەر پێکدێت، لە تەوەری یەکەم باس لە هاوسەرگیری سەلجوقیەکان دەکرێت لەگەڵ دەوڵەتەکانی دراوسێدا بەتایبەتی عەباسییەکان و ئەرتەقیەکان و خوارزمییەکان و دانشمەندیەکان ، بەڵام هەرچی تەوەری دووەمە

ئەوا پێکهاتووە لە هاوسەرگیری سیاسیی لە نێوان سەلجوقیەکان و زەنگییەکان و هەروەها لە نێوان سەلجوقیەکان و ئەیوبییەکان و لەگەڵ باسکردنی هاوسەگیری سیاسی لەگەڵ و فەرمانڕەوای ئەرزەڕۆم ، کۆتا تەوەر کە تەوەری سێیەمە باس لە هاوسەرگیری لەنێوان سەلجوقیەکان و لەگەڵ هیزە نا ئیسلامییەکان دەکات وەکو رۆمە (بیزنطینی)یەکان و فەرمانرەوای (کرمان) و ئەرمەنەکان، دواجار لەگەڵ مەغۆلە ئیلخانییەکان .

## تەوەرەی یەکەم: هاوسەرگیری سیاسی سەلجوقییەکانی ڕۆم لەگەڵ هەریەك لە (عەباسییەکان و ئەرتەقیەکان و خوارزمییەکان و دانشمەندیەکان)

**یەکەم: هاوسەرگیری سیاسی لەگەڵ خیلافەی عەبباسی(١٣٢-٦٥٦ک/ ٧٥٠-١٢٥٨ز).**

دوای شەڕی (مەلازگرد)[1] ( ٤٦٣ک/١٠٧١ز ) شەڕێکی یەکلا کەرەوە بوو لە نێوان سەلجوقییەکان و (بیزنطین)هەکان، لەو شەڕەدا سەلجوقییەکان سەرکەتن و توانیان بچنە ناو خاکی ڕۆمەوە، دوای مردنی سوڵتان (ألب أرسلان) (٤٥٥-٤٦٥ک/١٠٦٣-١٠٧٣ز) ناکۆکی کەوتە ناو سەلجوقییەکان لەسەر وەرگرتنی دەسەڵات، تەنانەت خەلیفە کەوتە ناوبژی نێوانیان، بۆیە سوڵتان (ملکشاه) (٤٦٥-٤٨٥ک/١٠٧٢-١٠٩٢ز) هەستا بەدانانی سەرکردەیەک لەناوچەکانی بەرەی (انادول)و سەربەخۆیی و هێرشکردنە سەر زەویەکانی ڕۆمی دایە (سلیمان بن قتلمش) (٤٧٠-٤٧٩ک/١٠٧٧-١٠٨٦ز ). بەم شوەیە (سلیمان) توانی بچێتە ناو وڵاتی ڕۆم و دەست بەسەر زەویەکاندا بگرێت و زۆربەی شارەکانی خستە ژێر ڕکێفی خۆی و شاری (نیقیە)[2] ی کرد بە پایتەختی دەوڵەتە نوێیەکەی بۆ زانیاری زیاتر لەسەر سەلجوقییەکانی ڕۆم بڕوانە (البنداری،١٩٠٠، ص٤٠-٤٤؛ عوض، ٢٠٠٧، ص٣٠٣-٣٠٤؛ الزبیاری،٢٠٠٩، ص ص ٧٠-٧٤).

یەکەم هاوسەرگیری سیاسی بەدی دەکرێت لە نێوان سەلجوقییەکانی ڕۆم و خیلافەی عەبباسی ئەویش لە سەردەمی خەلیفە (ناصرلدین الله) (٥٧٥- ٦٢٢ک/١١٨٠-١٢٢٥ز)، خەلیفە (سەلجوقە خاتون) کچی (قلج أرسلان بن مسعود بن قلج أرسلان)(٥٥٠-٥٨٨ک/ ١١٥٥-١١٩٢ز)، کە پێشتر خێزانی (نورالدین محمد بن قرا ارسلان)[3] ی ئەرتەقی بوو هاوسەرگیری لەگەڵ کرد (ابن الاثیر، ١٩٩٧، ج١٠، ص٦٤).

مێژوونوس (إبن العبري) ئاماژە بەوە دەکات کاتێك خەلیفە (خاتون)ی کچی (قلج أرسلان بن مسعود بن قلج أرسلان) بینیبووە پێی جوان بووە، خەڵکی ناوچەکەی بۆ خوازبێنی ناردووە، لە بەغدا بووە ویستوویەتی بەرەو مەککە بچێت بە مەبەستی مەراسیمی حەج کردن، دەست و پێوەندی خەلیفە باسی جوانیەکەی ئەو ئافرەتە سەلجوقییەیان بۆ خەلیفە (ناصرلدین الله) باس کردووە، داوای کردووە شووی پێبکات ئەویش رازی نەبووە بەهۆی ئەوەی هاوسەری هەیە کە (نورالدین محمد بن قرا ارسلان)ی ئەرتەقی بووە، خەلیفەش سوور بووە، بۆیە لە مەککە ماوەتەوە ویستوویەتی بەرێگایەك بچێتەوە نیشتمانەکەی کە (سوریا)یە، خەلیفەش تاقمێك لە سەربازانی نارد بۆ چاودێری کردنی لە مەککە، بەڵام لە کاتی گەڕانەوەی بۆ بەغدا هەواڵی مردنی هاوسەرکەی بیست و کەس نازانێت چۆن مردووە، دوای مردنی هاوسەرکەی خەلیفە چووەتە داوای و رازی بووەو شوی پێکردووە، (١٩٩١، ص٢٦٩).

لەبەر گرینگی خاتوونی ناوبراو ئەو ڕێزەی باوکی هەیبووە، کە (صلاح الدین الایوبی)کە شاری (امد) کۆنترۆڵ کرد، وازی لە شارەکە هێناو دایەوە (سلجوقة خاتون) وەك ڕێزێك بۆ باوکی (ابن جبیر، د.ت، ص١٨٥).

خەلیفە کۆشکێکی گەورەی بۆ خێزانی (سلجوقة خاتون) بنیادناو لە ناو کۆشکەکەش باخچەیەکی گەورەی دروست کرد چەندین ئەندازیارو شارەزا کاریان تێدا کردو وەزیرەکان سەرپەرشتیان دەکرد هەموو ئەو خزمەتانە بۆ خاتوونی خێزانی بوو(إبن العبري،١٩٩١،ص٢٦٩).

خاتوونی ناوبراو پێگەو ڕۆڵێکی کارای لە کۆشکی خیلافەت هەبووە، کاری خێرخوازی و باشی زۆر ئەنجامداوە(الربیدي،٢٠١٣، ص٢١٧).

خەلیفە (ناصرلدین الله) (سلجوقة خاتونی) زۆر خۆش دەویست و لە کاتی کۆچی دوایی کردنی خاتونی ناوبراو لە ساڵی (٥٨٤ک/ ١١٨٨ز) زۆرغەمبار بوو، شوێنەورای ماتەمینی لە روخساریەوە دیاربوو، تەنانەت خەڵکەکەش هەستیان بە غەمگینی و ماتەمی خەلیفە کردبوو، لە پرسەکەیدا هەموو کەسایەتییە دیارەکانی دەوڵەت و دادوەرەکان ئامادەبوون، خەلیفە ئەو باخچەیەی بۆ کردبوو فەرمانی کرد بە تێکدانی بۆ ئەوەی شوێنەواری نەمینێت و کردییە شوێنیکی وێرانە ، لە لای ڕۆژئاوای گۆڕەکەی خاکێکی دروست کرد، لای خاکەکەش خەڵوەتگەیەکی ناسراوی دامەزراند بە ناوی (ڕملە) (ابن الاثیر، ١٩٩٧، ج١٠، ص٦٤؛ ابن العبري،١٩٩١،ص٢٦٩؛ الربیدي، ٢٠١٣، ص٢١٨).

ئەم هاوسەرگیرییەش بۆ هەردوو لایەنی خیلافەی عەبباسی و سەلجوقییەکانی ڕۆم گرینگ بوو، خەلیفەی عەباسی هەوڵیدا لەرێگەی ئەو هاوسەرگیرییەوە دەسەڵات و هەژموونی خۆی بەسەر تەواوی ناوچەکانی سەلجوقی و هیزە ئیسلامییەکانی تر بسەپێنیت و رۆڵی خیلافە کاراتر بکاتەوە، لە هەمان کاتیشدا بۆ سەلجوقییەکانی ڕۆم گرینگ لەوەدابوو دەسەڵاتی سەلجوقییەکان بەهێزتر بکات و وا پیشانبدات خیلافەی عەباسی پشتگیری دەکات وەکو لایەنێکی مەعنەوی.

**دووەم: هاوسەرگیری سیاسی لەگەڵ ئەرتەقییەکان( ٤٦٥- ٨١٢ک/ ١٠٧٢-١٤١٩ز).**

ئەرتەقییەکان بنەماڵەیەکی تورکن سەر هۆزی الدوغز (Doger)، ئەویش لقێکە لە هۆزی (الغز)ی تورکی، دەگەڕێنەوە سەر باپیریان (ارتق بن اکسك)، کاتێك سولتان (ملکشاه) کێشەی لەگەڵ برایەکەی (تاج الدولة تتش) دەبێت لەسەر ناوچەکانی (الشام)، (ارتق بن اکسك) ئەمە بەدەرفەت دەزانێت و هێرش دەکاتە سەر ناوچەکانی (حلوان) و هەرێمی(الجبل) دەستیان بەسەر دادەگرێت (ابو الفداء، د.ت، ج٢، ص١٩٥؛ ابن الوردي، ١٩٩٦، ج١، ص٣٦٩؛ ابن خلدون، ١٩٨٨، ج١، ص١٩١؛ عمادالدین خلیل، ١٩٨٠، ص ص ٥٧-٥٩).

لە دوای مردنی (نجم الدین إیلغازي بن أرتق بن أكسك ) لە ساڵی (٥١٦ک/ ١١٢٢ز) ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی لە نێوان کوڕو براو برازاکانی دابەشکرا، میر(شمس الدولة سلیمان بن ایلغازي)(٥١٦-٥١٨ک/ ١١٢٢-١١٢٤ز) بووە فەرمانڕەوای (میافارقین) ، میر (حسام الدین تمرتاش) ( ٥١٦ – ٥٤٧ک/ ١١٢٢-١١٥٢ز) بووە فەرمانڕەوای (ماردین) ، هەروەها میر( بدر الدولة سلیمان بن عبدالجبار بن ارتق (٥١٦-٥١٨ک/ ١١٢٢-١١٢٤ز) ، بووە فەرمانڕەوای شاری (حلب)، لەهەمانکاتیشدا میر (بلك بن بهرام بن ارتق) (٥١٦-٥١٨ک/ ١١٢٢-١١٢٤ز) بەروە ئاراستەی باکور ڕۆیشت بووە فەرمانرەوای (حران)(الذهبي، ١٩٨٥، ج١٩، ص٤٣٦؛ ابن تغري بردي،د.ت، ج٥، ص٢٢٣؛ حاجي خلیفة، ٢٠١٠، ج١، ص٣٨٣).

ئەم دابەشکردن و پەرتەوازەی ناوماڵی ئەرتەقییەکان نەبووە هۆی لاوازی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەرەوە، بۆیە تێبینی دەکەین

ئەرتەقییەکان هەوڵیانداوە بۆ بەهێز بوونی پێگەی دەوڵەتەکەیان پەیوەندی لەگەڵ سەلجوقییەکانی رۆم بەهێز بکات، لە سەردەمی (شمس الدولة سليمان بن ايلغازي) ئەرتەقی، خاوەنی (ميافارقين) ، هاوسەرگیری لەگەڵ کچی (قلج ارسلان)ی یەکەم کردووە، دادوەرێکی بۆ (ملطية) ناردووە بۆ ئەوەی پرۆسەی هاوسەرگیرییەکە ئەنجام بدات، ئامانجی (سليمان بن ايلغازي) بۆ ئەوە بوو لە رێگەی سەلجوقییەکانی رۆمەوە کاروباری دەولەتەکەی بە باشی بباتە رێوە دەسەلاتی خۆی بەهێزتر بکات (الذهبي، ١٩٨٥، ج١٩، ص٤٣٦؛ عماد الدين خليل، ١٩٨٠، ص ١٠٥-١٠٦).

(قلج ارسلان) کچەکەی خۆی داوەتە (نورالدين محمد بن قرا ارسلان)ی ئەرتەقی(٥٦٢-٥٨١ك/ ١١٦٧-١١٨٥ز)، چەندین ناوچەی پێداوە، بەڵام باش نەبووە لەگەڵی، هەر بۆیە (نورالدين محمد بن قرا ارسلان) شەڕی لەگەڵ راگەیاند (ابن خلدون، ١٩٨٨، ج٥، ص١٩١).

هۆکاری ناکۆکییان مێژوونوس (ابن الاثير) ئاماژەی پێدەکات، کە لە ساڵی (٥٧٦ك/ ١١٨١ز)، (نورالدين محمد بن قرا ارسلان) وازی لە خێزانەکەی کە کچی (قلج ارسلان)ە هێناوەو دڵی چووەتە سەر کچە گۆرانیبێژێك و خواستوویەتی، ناوچەکانی پێبەخشیبوە، ئەمەش وای لە (سلجوقة خاتون) کردووە نارەزایی دەرببڕێت و داوا لە باوکی بکات چارەی بۆ بدۆزێتەوە، (قلج ارسلان)ی باوکیشی داوای لە (صلاح الدين الايوبي) کردووە، کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکات و ئەویش نامەیەك بۆ (قلج ارسلان) دەنێرێت و لە نامەکەدا ئاماژە بەوە دەکات چەندین قەڵای بە (نورالدين) داوەو لێی دەستێنێت و دەیبەخشێتە (سلجوقة خاتون)، (صلاح الدين الايوبي)یش نامەبەرێك بۆ لای (نورالدين) دەنێرێت و پەیامێکی بۆ دەنێرێت " والله الذي لا إله إلا هو لئن لم يرجع لأسيرن إلى ملطية وبيني وبينها يومان، ولا أنزل عن فرسي إلا في البلد، ثم أقصد جميع بلاده وآخذها منه " سوێند بەو خوایەی کە تاك و تەنهایە ئەگەر بێت و نەگەڕێتەوە، دەبێت بۆ (ملطية) بێم کە نێوانمان دوو رۆژەو لەسەر ئەسپەکەم دانابەزم تاکو هەموو ناوچەکانی نەگرم، لە کۆتایشدا پەیماننامەی ئاشتی لە نێوانیان هاتە ئاراوەو (صلاح الدين الايوبي) گەڕایەوە (شام) و (نورالدين) ش گەڕایەوە ناوچەکانی خۆی(ابن الاثير، ١٩٩٧، ج٩، ص ص ٤٤٧-٤٤٩)، بەڵام کێشەی نوانیان چارەسەر نەبوو، بۆیە (قلج ارسلان) کەسێکی تر دەنێرێت بۆ لای (نورالدين)، کۆتاییان بە کێشەی نیوانیان هێناو رێکەوتن لەسەر ئەوەی دوای ساڵێك لە کچەکەی (قلج ارسلان) جیاببێتەوە و ئافرەتە گۆرانیبێژەکەشی لەگەل مایەوە تاوەکو مرد (ابن الاثير، ١٩٩٧، ج٩، ص ٤٤٩؛ ابن خلدون، ١٩٨٨، ج٥، ص١٩١).

ئەو هاوسەرگیریەش بووە هۆی ئەوەی پەیوەندی نێوان هەردوو دەوڵەت بەرەو شەڕو ململانێ بچێت، لە برِی ئەوەی ئەو هاوسەرگیرییە ببێتە هۆی ئاشتی لە نێوانیان(الربيدي، ٢٠١٣، ص٢١٧).

مەلیك (الصالح )[4] ی ئەرتەقی (٥٩٧-٦٢٩ك/ ١٢٠١-١٢٢٢ز)، هاوسەرگیری کردووە لەگەڵ بنەماڵەی سەلجوقییەکانی رۆم، خوشکی (غياث الدين كيخسرو بن قلج ارسلان) (٥٨٨-٦٠٨ك/ ١١٩٢-١٢١٢)ی هێناوە، (مؤلف مجهول، ٢٠٠٧، ص١٣).

بەهۆی ئەم هاوسەرگیرییەوە پەیوەندیان زۆرباش بووە، مەلیك (الصالح) یارمەتی (غياث الدين كيخسرو بن قلج ارسلان)داوە، کاتێك (قلج ارسلان)ی باوکیان دەمرێت کێشە لە نێو بنەماڵەکەی لەسەر دەسەلات دروست دەبێت، (کیخسرو) دەسەڵاتەکانی نامینێت و دەیەویت موڵکەکانی وەربگرێتەوە، چونکە (روکن الدين سليمان شاه بن قلج ارسلان) (٥٩٣-٦٠١ك/ ١١٩٦-١٢٠٤ز) لە ساڵی (٦٠١ك/ ١٢٠٤ز) دەستی بەسەر ناوچەکانی دەگرێت، بۆیە روو دەکاتە ئەیوبییەکان دەچێتە لای مەلیك (الظاهر غازى بن صلاح الدين)، خاوةنی (حلب)، پشتگوێی دەخەن و یارمەتی نادەن(ابن الاثير، ١٩٩٧، ج١٠، ص٢٠٥؛ ابن واصل، ١٩٥٧، ج٣، ص١٦٦).

بۆیە روو دەکاتە (الشام) زاوایەکەی یارمەتی دەدات و دێتە پێشوازی، کورەکانی مەلیك (الصالح) دێنە پێشوازی و کۆشك و دەرباری مەلیك دەرازێننەوەو پێشوازیەکی شایستەی لێدەکەن، خوشکەکەی داوای لێ دەکات ماوەیەك لە لایان بمینێتەوە(مؤلف مجهول، ٢٠٠٧، ص١٣).

هەرچەندە (غياث الدين كيخسرو بن قلج ارسلان) دەسەڵاتەکانی لە دەست دابوو لە هەوڵی وەرگرتنەوەی بوو، بەڵام بەهۆی ئەو هاوسەرگیرییەوە توانی ماوەیەك لە لای زاوایەکەی مەلیك (الصالح) بمینێتەوە، تا دەرفەتێك وەربگرێت و بتوانیت خۆی بسەپێنێتەوە.

سێیەم: هاوسەرگیری سیاسی لەگەڵ خوارزمییەکان(٤٤٧-٦٢٨ك/ ١٠٧٧-١٢٣١ز).

پەیوەندی نێوان هەردوو دەوڵەت لە سەردەمی (کیقباذ) و (جلال الدين منكبرتي) (٦١٧-٦٢٨ك/ ١٢٢٠-١٢٣١ز) ، بەهێز بووەو نامەو دیاری ئاڵوگۆڕ کراوە، نێردراوێکی سولتانی سەلجوقی رۆم گەیشتووەتە (خوى) بۆ لای (جلال الدين منكبرتي)، داوای هاوپەیمانیەتی لیکردووە، ئەویش رەزامەندی پێشانداوەو نامەو دیاری بۆ سوڵتان (کیقباذ) ناردووە، داوای هەماهەنگی و کۆمەکی دارایی بۆ خەوارزمییەکان لیکردووە (النسوى، ١٩٥٣، ص ص ١٦١-١٦٣؛ الزبياري، ص١٤١).

لە رێگەی ئەو نامەو دیاریانە پەیوەندی نێوان هەردوو دەوڵەت بەهێز بوو، بووە هۆی هێنانەکایەوەی هاوسەرگیری سیاسی، لە نێوان سەلجوقییەکانی رۆم و خوارزمییەکان، (کیقباذ) کچی سوڵتان (جلال الدين منكبرتي) هێنا، ، ئەم هاوسەرگیریەش بۆ ئەوە بووە پەیوەندی خزمایەتیان بەهێز بێت ( ابن البيبي،١٩٩٢، ص ص ١٥٤-١٥٧؛ مؤلف مجهول، ٢٠٠٧، ص١٩٢).

لە ئەنجامی نزیك بوونەوەی هەردوو لا (کیقباذ) نامەی بۆ سوڵتان (جلال الدين منكبرتي) نارد، داوای هاوکاری لێکرد و یارمەتی بدات، بۆ ئەوەی رووبەڕووی ئەیوبییەکان ببێتەوە، بەڵام سوڵتانی ناوبراو نەیتوانی یارمەتی بدات بەهۆی خەریك بوونی خۆی بە جەنگ (النسوي، ١٩٥٣، ص٢٧٨).

چوارەم:هاوسەرگیری سیاسی لەگەڵ دانشمەندییەکان[5] (٤٩٠-٥٧٣ك/ ١٠٩٧-١١٧٨ز).

لە ساڵی (٥١٠ك/ ١١٤٦ز) (مسعود بن قلج ارسلان)(٥١٠-٥٥٠ك/ ١١١٦-١١٥٥ز) هاوسەرگیری کرد لەگەل خاتونێکی دانشمەندی، کە کچی (غازي)ی(٤٩٧-٥٢٩ك/ ١١٠٤-١١٣٤ز) داشمەندی بوو، لە رێگەی ئەو هاوسەرگیرییەوە توانی دەسەڵات و پێگەی خۆی بەهۆی

داشمەندییەکانەوە بەهێز بکات، توانی دەسەڵات وەربگرێتەوە، دژی برایەکەی (ملکشاە بن قلج ارسلان)(٥٠٣-٥١٠ك/ ١١٠٩-١١١٦ز) هێزی کۆکردەوە بۆ رووبەرووبونەوەی بەهاوکاری خەزوری مەلیك(غازی)، بۆیە شەڕ لە نێوان هەردوو برا لەسەر دەسەڵات روویداو لە دەرەنجامدا (مسعود) سەرکەوت و (مەلکشاە) پاشەکشەی کرد بۆ شاری (بوخاز) فەرمانڕەوای شارەکە پێشوازی لیکرد، بەڵام دواتر خیانەتی لێکردو دەروازەی شارەکەی بۆ هیزەکانی (مسعود) واڵا کرد و توانی برایەکەی بەدیل بگرێت و هەردو چاوی هەڵکۆڵێت و بکوژێت، خۆی بوو بە سوڵتانی سەلجوقیەکانی رۆم( ابن العبري، ١٩٩١، ص١٣٢؛ رایس، ١٩٦٨، ص٦٧).

ئەم هاوسەرگیریە بۆ (مسعود قلج ارسلان) رەنگدانەوەی باشی هەبوو، چونکە توانی لەرێگەی داشمەندییەکانەوە دەسەڵاتی خۆی بەسەر برایەکەی بسەپێنێت و خۆی ببێتە فەرمانرەوای سەلجوقییەکانی رۆم.

تەوەرەی دووەم: هاوسەرگیری سیاسی سەلجوقییەکانی رۆم لەگەڵ هەر یەك لە (فەرمانڕەوای ئەرزەڕۆم و زەنگییەکان و ئەیوبییەکان).

یەکەم: هاوسەرگیری سیاسی نێوان سەلجوقییەکانی رۆم و فەرمانڕەوایی بنەماڵەی (صلیق)[٦] لە ئەرزەڕۆم(٤٩٦ك- ٥٩٨ك/ ١١٠٢-١٢٠٢ز).

لە ساڵی (٥٦٠ك/ ١١٦٤ز) (قلیج ارسلان)ی دووەم هاوسەرگیری کرد لەگەڵ کچی میر (عزالدین صلیق بن علی بن ابی قاسم)، بووکەکە بە کەژاوەیەکی گەورەو بارگەی بوکێنی و چەندین کەل و پەلەوە بەرێکەوت بۆ (قونیة) بۆ ئەوەی بگاتە دەستگیرانەکەی و هاوسەرگیری بکەن، بەڵام ئاواتەکەیان نەهاتەدی بەهۆی هێرش کردنی (یاغی ارسلان)(٥٣٧- ٥٥٩ك/ ١١٤٢-١١٦٤ز)ی دانشمەندی بۆ سەر کەژاوەی بوکەو توانی دەست بەسەر کەژاوەو بارگەو بووکەدا بگرێت و بیرفێنێت و نەهێڵێت بگاتە دەست (قلیج ارسلان)، بۆ ئەم مەبەستە (یاغی ارسلان) لە برازایەکەی خۆی (ذا النون) مارەی دەکات، (ذا النون)ش داوا لە بووکە دەکات هەڵبگەرێتەوە لە ئاینی ئیسلام بۆ ئەوەی (قلیج ارسلان) مارەیی لێنەیەت( ابن الاثیر، ١٩٩٧، ج٩، ص٣٢٠).

ئەم رووداوە بووە هۆی شەڕ لە نێوان هەردوو لا، بەڵام داشمەندییەکان توانیان سەر بکەون بەسەر سەلجوقییەکانی رۆم، (قلیج ارسلان) هانای بۆ رۆمە بیزنطینیەکان بردو ئەوانیش هاوکاریان کرد بۆیە هێزەکانی کۆ کردەوە بۆ هێرش کردنە سەر دانشمەندییەکان، لەو کاتەدا (یاغی ارسلان) دەمرێت و ئەوەش رێگا خۆشکەرێك دەبێت کە سولتانی سەلجوقی رۆم هیرش بکاتە سەر ناوچەکانی داشمەندییەکان و کۆنترۆڵیان بکات (( ابن الاثیر، ١٩٩٧، ج٩، ص٣٢٠- ٣٢١؛ رایس، ١٩٦٨، ص٧٠-٧١).

بەم شێوەیە بەهۆی ئەو هاوسەرگیرییەوە پەیوەندی نیوان هەردوو هێز ئاڵۆزی تێکەوت و دواجار بووە هۆی ئەوەی دانشمەندیەکان لەناو بچن.

**دووەم: هاوسەرگیری سیاسی سەلجوقییەکانی رۆم و زەنگییەکان(٥٢١-٦٤٩ك/ ١١٢٧-١٢٥١ز).**

لە سەردەمی (رکن الدین مسعود قلج ارسلان)(٥١٠- ٥٥٠ك/ ١١١٦-١١٥٥ز) هاوسەرگیرییەك کراوە لەگەڵ (نور الدین محمود بن عماد الدین الزنکي) (٥١١ – ٥٦٩ك / ١١١٨ – ١١٧٤ز)، (مسعود قلج ارسلان) کچەکەی خۆی داوەتە (نورالدین الزنکی) (ابن الاثیر، د.ت، ص١٠٢).

ئەم هاوسەرگیرییەش کاتێك هاتە ئاراوە، لە ساڵی (٥٤٦ك/ ١١٥٢ز) (نورالدین) هێرشی کردە سەر ناوچەکانی (جوسلین)[٧] ی پادشای فەرەنجەکان، لە باکوری (حلب) و (عین تاب)[٨] و (تل باشر)[٩] و (اعزاز)[١٠] ، (جوسلین) سوپایەکی بەهێزی کۆکردەوە ڕووبەوی بووەوە و شەڕێکی گەورە رویداو (نورالدین) شکاو و ژمارەیەك لە سوپایەکەی بە دیل گیران، دواتر سەلجوقییەکان و زەنگییەکان بەیەکەوە پەیوەندی دەبەستن، بۆ ئەوەی هاوکاری یەکتر بکەن و هێرش بکەنە سەر ناوچەکانی رۆمەکان (ابن الاثیر، ١٩٩٧، ج٩، ص١٨٠؛ ابو شامة، ١٩٩٧، ج١، ص٢٤٦).

لە ئەنجامی ئەو هاوسەرگیرییەوە هەردوو لا بەردەوام بوون لە هێرشەکانیان بۆ سەر ناوچەکانی (بیزنتطی)یەکان، (نورالدین) توانی ناوچەی (اعزاز) کە سەر بە هەرێمی (انطاکیة) بوو بگرێت، لەولاوەش (مسعود) هێرشی کردە سەر ناوچەی (مرعش)[١١] و گرتی( ابن القلانسي، ١٩٨٣،ج١، ص٢٣١؛ ابن العبري، ١٩٩١، ص١٦٥).

تێبینی دەکەین هەردوو لا (نورالدین) و (مسعود) بەیەکەوە هێرشیان کردە سەر تەواوی ناوچەکانی (بیزنطی)یەکان و ئەرتەقییەکانیش هاوکاریان کردوو بۆیە ناوچەکانیان گرتو لە نێو خۆیان دابەش کرد (ابن العبري، ١٩٩١، ص ١٦٤-١٦٥؛ ابن الاثیر، ١٩٩٧، ج٩، ص١٨٠-١٨١).

ئەم هاوسەرگیرییە وای کرد پەیوەندی نیوان هەردوو دەوڵەتی سەلجوقییەکانی رۆم و زەنگییەکان لە نێوان هەردوو فەرمانڕەوا بەهێز بیت و پەیوەندییەکی بەهێز ببەستن و بە هەماهەنگی هەردوولا هێرش بکەنە سەر ناوچەکانی رۆمە (بیزنطینیة)کان و کۆنترۆڵی بکەن و خۆیان ببنە فەرمانڕەوای ناوچەکان.

هاوسەرگیری سیاسی کچی (عزالدین قلج ارسلان بن مسعود قلج ارسلان)ی دووەم(٥٥٠- ٥٨٨ك/ ١١٥٥-١١٩٢ز) لەگەڵ (سیف الدین غازي بن قطب الدین)(٥٦٥-٥٧٥ك/١١٧٠-١١٨٠ز)کوڕی برای (نور الدین الزنکي)، ئەم هاوسەرگیریەش لە کاتانە هاتە ئاراوە (قلج ارسلان)ی دووەم لە ساڵی (٥٦٨ك/ ١١٧٣ز) هێرشی کردە سەر ناوچەکانی دانشمەندەکان و ناوچەکانیانی گرت، (ذا النون )[١٢] فەرمانڕەوای دانشمندییەکان پەیوەندی بە (نور الدین محمود)هوە کردو هانای بۆ برد، داوای هاوکاری لێکرد(ابن العبري، ١٩٩١، ص ١٧٧؛ ابن الاثیر، د.ت، ص١٦٠؛ ابن واصل، ١٩٥٧،ج١، ص٢٣٣).

لە کاتێکدا (نورالدین محمود) لەگەڵ دانشمەندەکان رێکەونامەیان هەبوو، داوای لە (قلج ارسلان)ی دووەم کرد ناوچەکانی بۆ (ذا النون)ی میری دانشمەند بگەڕێنیتەوە، بەڵام بەو داوایە رازی نەبوو ، بۆیە شەڕ لە نیوان هەردوو لا دروست بوو، (نور الدین) هێرشی کردەسەر (قلج ارسلان) (ابن الاثیر، ١٩٩٧، ج٩، ص ٣٨٣-٣٨٤؛ ابو شامة، ١٩٩٧، ج٢، ص٢٦٢)، (نورالدین) هێرشی کردە سەر ناوچەکانی (قلج ارسلان)ی دووەم، گوشاری خستە سەری توانی ناوچەکانی (بهسا) و (مرعش) ئەو قەڵایانەی لە نێوان ئەو ناوچانەدا بوو دەستی بەسەردا گرت، هێرشی کردە سەر (سیواس) و دەستی بەسەردا گرت و (ذا النون)ی کردە فەرمانرەوای شارەکە (ابن الاثیر، د.ت، ص١٦٠؛ ابن خلدون، ١٩٨٨، ج٥، ص١٩١).

شایانی باسە (قلج ارسلان) ئەو هێزە زۆرەی بینی ناچار بوو داوای ئاشتی بکات و نامەیەکی بۆ (نورالدین) نارد داوای دانوسانی لێکرد و ئەویش رازی بوو بەو داوایە، چونکە مەترسی مەسیحییەکانی هەبوو لە لای (شام)هوە گوشاریان خستبووە سەری بۆیە رێکەوتن(ابن الاثیر، د.ت، ص١٦٠؛ ابو الفداء، د.ت، ج٣، ص٥٣).

(ابن الاثیر د.ت) دەقی رێکەوتنامەکە بەو شێوەیە ئاماژەی پێدەکات کە (نورالدین)داوای کردبوو ئەو خاڵانە جێبەجێ بکات:

یەکەم: پێویستە پابەند ببێتەوە بە ئیسلام، چونکە لە بازنەی ئیسلام دەرچوویتە، باوەرت بە بیردۆزە فەلسەفییەکان هەیە. بە واتای ئەوەی لە دەقی قورئان و فەرموودە لای داوەو پابەندی فیکرو فەلسەفە بووە.

دووەم: هەرکات داوای سەربازم کرد، دەبێت بۆم بنێریت، شوێنێکی زۆری ولاتی موسڵمانانت لەژێر دەست دایە، دەبێت شەڕی (فرنج) بکەیت، یاخود سەرباز بنێریت، تا شەڕی (فرنج) بکەم.

سێیەم: هاوسەرگیری بکەیت لەگەڵ خانەوادەکەم، کچەکەت بدەیتە کوڕی برایەکەم (عزالدین قلج ارسلان بن مسعود قلج ارسلان)(د.ت، ص ١٦٠-١٦١).

تەنها (ابن الاثیر) باس لەو هاوسەرگیرییە دەکات هی سەرچاوەیەك ئاماژەی پێناکات.

پێدەچێت ئامانجی (نورالدین) لەو هاوسەرگیرییە ئەوە بووە، پەیوەندی نێوان هەردوو دەوڵەت بەهێز بکات، چونکە لەو کاتەدا (قلج ارسلان)ی دووەم ناوچەیەکی زۆری وڵاتی ئیسلامی بەدەستەوە بوو، لەهەمان کاتدا مەترسی فەرەنجییەکان لە ئارادابوو (نور الدین) دەیویست دەسەڵاتێکی یەکگرتووی ئیسلامی دابمەزرێنێت.

سێیەم: هاوسەرگیری سیاسی سەلجوقییەکانی رۆم و ئەیوبییەکان(٥٦٧-٦٤٨ك/ ١١٧٢-١٢٥١ز).

ئەیوبییەکان دەگەڕێنەوە سەر (نجم الدین ایوب) باوکی سوڵتان (صلاح الدین الایوبی) ( ٥٨٩-٥٦٧ ك / ١١٧٤–١١٩٣ز)، ، کە کوڕی کەسێکە بە ناوی (شادی)، خەڵکی (دوین)[13] ە، سەر بە هۆزی (رەوادی)یە(ابن الاثیر، د.ت، ص١١٩؛ ابن شداد، ١٩٩٤، ص٣١؛ ابن واصل،١٩٥٧، ص٣).

(ابن الاثیر١٩٩٧) بەو جۆرە باسی بنەماڵەی ئەیوبی دەکات و دەڵێت "وهذا النسل هم أشراف الأكراد" دەگەڕێنەوە سەر خانەدانەکانی کوردان (ج٩، ٣٤٢).

پەیوەندی نێوان سەلجوقییەکانی رۆم و ئەیوبییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٥٧٤ك/ ١١٧٨ز)، کە زیاتر پەیوەندییەکی کەسییە لە نێوان سوڵتان (عز الدین قلج ارسلان بن مسعود)(٥٥٠-٥٨٨ك/ ١١١٥-١١٩٢ز) و (صلاح الدین الایوبی)( ٥٦٧- ٥٨٩ ك / ١١٧٤–١١٩٣ز) سوڵتانی سەلجوقییەکان بۆ بەهێز کردنی پەیوەندیان و هەماهەنگی کردنی یەکتری نوێنەرێك بۆ لای (صلاح الدین) دەنێرێت (عماد الدین الأصبهاني، ١٩٨٧، ج٣، ص١٥٧؛ الزبیاري، ٢٠٠٩، ص١٦٧).

(قلج ارسلان) بۆ بەهێز کردنی پەیوەندی نێوان دەوڵەتەکەی لەگەڵ دەوڵەتی ئەیوبی، لە ساڵی (٥٨٤ك/١١٨٨ز)، داوای کچی (صلاح الدین الایوبی) کردووە بۆ کوڕەکەی (قطب الدین)، بۆ ئەوەی پێگەی خۆی بەهێز بکات (ابن الاثیر، ١٩٩٧، ج١٠، ص١١٣؛ النویري، ١٤٢٣، ج٢٧، ص٩٦).

ئامانجی (قلج ارسلان) لەو هاوسەرگیرییە ئەوە بووە، کە پاڵپشتییەکی بەهێز بۆ کوڕەکەی پەیدا بکات لە داهاتوودا، چونکە (صلاح الدین الایوبی) پێگەی بەهێزی هەبوو لە ناوچەکەدا، خواستنی کچی ئەو دەبێتە هۆی پاڵپشتییەکی بەهێز لە ناوچەکەدا، دیارە هاوسەرگیرییەکە سەری نەگرتووە، لەبەر ئەوەی سەرچاوەکان باسی ناکەن، تەنها (ابن الاثیر) نەبێت دەڵێت داخوازی کردووە( نامق، ٢٠١٥، ل١٦٦).

کێشەی ناوخۆی بنەماڵەی سەلجوقییەکانی رۆم هۆکار بووە بۆ هاوسەرگیری سیاسی لەگەڵ ئەیوبییەکان، ئەوەتا (معز الدین قیصر شاه)(٥٨٠-٥٨٧ك/١١٨٥-١١٩٢ز) کوڕی (قلج ارسلان)، خاوەنی شاری (ملطیة)، رووی کردە ئەیوبییەکان و لە خزمەتی سوڵتان (صلاح الدین الایوبی) مایەوەو خزمەتی ئەوانی کرد، مەلیك (عادل) (٥٣٩- ٦١٥ك/ ١١٤٤-١٢٢٧ز) برای سوڵتانی ناوبراو کچەکەی خۆی پێداو بوو بە زاوای ئەیوبییەکان (عماد الدین الاصفهاني، ٢٠٠٤، ص ٢٨٩)، بڕی مارە بڕینەکەی سەد هەزار دینار بوو( ابو شامة، ١٩٩٧، ج٤، ص٢٨١).

هۆکاری رۆیشتنی (معز الدین قیصر شاه) بۆ لای ئەیوبییەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە باوکی (قلج ارسلان) لە ساڵی (٥٨٧ك/ ١١٩١ز) ناوچەکانی وڵاتەکەی بەسەر کوڕەکانی دابەش کرد، لەو نێوەندەدا (ملطیة) بەر ناوبراو کەوت، بەڵام برایەکانی چاویان لەوە بوو (ملطیة) بۆ خۆیان بێت و زۆریان لە باوکیان کرد وەربیگرێتەوە لە (معز الدین قیصر شاه)، بۆیە ئەویش بۆ ئەوەی ناوچەکەی لە دەست نەچێت و داوای هانای لە ئەیوبییەکان کردو پەیوەندی بەوانەوە کردو لە خزمەتیان مایەوە کچێکی ئەیوبییان لێ مارە کرد (ابن الاثیر، ١٩٩٧، ج١٠، ص١٠٣-١٠٤؛ ابو الفداء، د.ت، ج٣، ص٨١؛ ابن فضل الله العمري، ١٤٢٣، ج٢٧، ص١٥٦؛ ابن الوردي، ١٩٩٦، ج٢، ص١٠٢).

مەبەستی (صلاح الدین الایوبی) لەو هاوسەرگیرییە ئەوە بوو وەفاداری سوڵتانەکانی سەلجوقییەکانی رۆم بەدەست بهێنێت، بە تایبەتی فەرمانڕەوای شاری (ملطیة)، چونکە ئەم شارە هاوسنوورەو نزیکە لە (شام)( الزبیاري،٢٠٠٩، ص١٧٢-١٧٣).

ئەم هاوسەرگیرییەش هۆکارێکی باش بوو بۆ ئاشتەوایی نێوان سوڵتان (قلج ارسلان) و کوڕەکانی، کە تێیدا سوڵتان (صلاح الدین الایوبی) هەوڵیدا بۆ ئەوەی ئاشتەوایی لە نێوان بنەماڵەی سەلجوقییەکان بێنێتە ئاراوە، کە کێشە کەوتبووە نێوانیانەوە لە سەر دابەش کردنی ناوچەکانەوە، بۆ ئەم مەبەستە دادوەر (شمس الدین محمد)[14] ی راسپارد بۆ ئەوەی سوڵتان (قلج ارسلان) و کوڕەکانی لە یەك نزیك بکاتەوە و بەردەوام بوو لە هەوڵەکانی نزیکەی ساڵێکی خایاند (عماد الدین الاصبهاني، ٢٠٠٤، ص ٣٢٥؛ ابو یوسف، ١٩٨٦، ص١٥٨).

(معزالدین قیصر شاه) بە هۆی (الملك العادل)ی خەزوورییەوە پشتی زۆر قایم ببوو، وڵاتی (شام) ببووە پەناگەیەك بۆی، ئەو کاتەی لەگەڵ برایەکانی لەسەر دەسەلات دەبێتە کێشەیان لە دوای مردنی باوکیان (قلج ارسلان)، هانای بۆ خەزووری (الملك العادل) بردووە، کاتێك ( سلیمان قلج ارسلان) لە ساڵی (٥٩٧ك/ ١٢٠٠ز) هێرشی کردە سەر (ملاطیه) ی قەڵەمڕەوی برایەکەی (معزالدین قیصر شاه)، ئەویش پەنای بۆ (الملك العادل) بردو فەرمانی پێدەکات لە شاری (رها) بمینێتەوە تا بارودۆخە هێمن دەبێتەوە، کاتێك (سلیمان) لە ساڵی (٦٠٠ك/ ١٢٠٣ز) دەمرێت

کوڕەکەی دادەنێت، بەڵام زۆری پێناچێت، برایەکەی (کیخسرو)ی کوڕی (قلج ارسلان) دەست دەگرێت بەسەر وڵات، (معز الدین قیصر شاە) دەگەڕێتەوە لای برایەکەی و داوای مولکەکانی لێدەکات کە پێشتر (سلیمان)ی برای دەستی بەسەر داگرتبوو، بەڵام (کیخسرو) فەرمانی پێدەکات وڵاتەکەی بەجێبهێڵێت، ئەویش بۆ جاری دووەم دەگەڕێتەوە لای خەزوری مەلیك (عادل) لە شاری (رها) نیشتەجێ دەبێت (ابن الاثیر، ١٩٩٧، ج١٠، ص٢٠٥-٢٠٦؛ابن خلدون، ١٩٨٨، ج٥، ص ١٩٣-١٩٤؛ نامق، ٢٠١٦، ل١٦٨).

ئەم هاوسەرگیرییەش کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر (معز الدین قیصر شاە) جێهێشتبوو، وای کردبوو هەردەم هەست بە پەناگەیەکی بەهێز بکات، ئەویش بەهۆی خەزوری مەلیك (عادل)ی ئەیوبییەوە بووە.

لە سەردەمی سوڵتان (علاء الدین کیقباذ بن کیخسرو)ی سەلجوقی(٦١٦-٦٣٤ك/ ١٢١٩-١٢٣٧ز)، هاوسەرگیرییەکی سیاسی لەگەڵ ماڵباتی ئەیوبییەکان بەدیدەکرێت، کە مەلیك (الاشرف)ی ئەیوبی خوشکێکی[١٥] خۆی دایە (کیقباذ)(ابن الاثیر، ١٩٩٧، ج١٠، ص٣٢٩، ابن العبري، ١٩٩١، ص٢٥٨).

ئەم هاوسەرگیرییەش لە ئەنجامی ئەو کێشەو ململانێیە بوو لە نێوان هەردوو دەوڵەت سەری هەڵدابوو، لە سەردەمی (کیکاوس بن کیخسرو)(٦٠٧-٦١٦/ ١٢١١-١٢١٩ز)، کە چاوی بڕیبووە سەر ناوچەی (حلب) و داگیری بکات، پەیوەندی بە مەلیك (الافضل)ی کوڕی (صلاح الدین الایوبی) کرد کە یارمەتی بدات (حلب) داگیر بکات(ابن الاثیر، ١٩٩٧، ج١٠، ص٣٢٤؛ ابن واصل، ١٩٥٧، ج٣، ص٢٦٣)، کاتێك مەلیك (الاشرف)ی کوڕێکی تری سوڵتان (صلاح الدین الایوبی) بوو، بەمەی زانی یارمەتی سەرداری (حلب)ی داو بۆ ئەوەی نەهێڵێت ئەو شارە داگیر بکرێت و بکەوێتە دەست سەلجوقییەکانی ڕوم، لە شەڕەکەدا (کیکاوس) دەشکێت و دواتر دەمرێت و برایەکەی (کیقباذ) دەسەڵات وەردەگرێت (ابن الاثیر، ١٩٩٧، ج١٠، ص٣٢٩؛ الذهبي، د.ت، ج٣، ص١٦٤؛ ابن تغري بردي، د.ت، ج٦، ص٢٢٤).

سوڵتان (کیقباذ) نوێنەرێکی خۆی بە ناوی (شمس الدین التنوبە جاشني گیر)[١٦] بۆ لای مەلیك (عادل) نارد ، بە مەبەستی مەڕاسیمی گواستنەوەی بوکەکە، گە گەیشتە ئەوێ بە کۆمەڵێك دیارییەوە، بۆ رۆژی دواتر چاوی کەوت بە کوڕەکانی مەلیك (عادل) لەوانە مەلیك (المعظم) و مەلیك (الاشرف) و مەلیك (غازي)، پێشوازیان لێکردو ڕێزیان لێگرت، نوێنەرەکەی سوڵتانیش هەموو تەدارك و پێداویستیەکانی هاوسەرگیری کە لە کەل و پەلی زێڕ پێك هاتبوو لە ناو چەندین قاپی زێڕو زیوی داناو پێشکەشی خاتوونی کرد، شوێنەکەیان ئامادە کرد بۆ مەڕاسیمی هاوسەرگیرییەکە، نوێنەرەکە نامەیەکی بۆ سوڵتان نووسی باسی هەموو ئەو ڕێز گرتن و دیاریانەی کردبوو لە لایەن میرەکانەوە هاتبوو، سوڵتانیش لە خۆشی ئەوەی کە رازی بوونە لەسەر هاوسەرگیرییەکە بڕیاریدا هەرچی بەندکراو هەیەو ئازاد بکرێت و داواشی لە خەڵکەکە کرد بچنە (ملطیة) بۆ پێشوازی بووکەو بەخۆشی بەڕێکەوت (ابن البیبی،١٩٠٢، ص ص ١٢٣-١٢٥؛ مؤلف مجهول، ٢٠٠٧، ص١٥١-١٥٢).

بەڵام دواتر شەڕو ئاژاوە دەکەوێتە نێوان هەردوو دەوڵەت، ئەوەش لە ئەنجامی ئەوەدا (کیقباذ) لە ساڵی (٦٢٣ك/ ١٢٢٦) زاینی هێرشی کردە سەر مەلیك (مسعود الارتقی)(٦١٩-٦٢٩ك/ ١٢٢٢-١٢٣٢ز)، خاوەنی (امد)، چەند ناوچەیەکی لێ داگیر کرد، مەلیك (الاشرف) نیگەران بوو لەو هێرشانە چونکە هاوپەیمانییەتی هەبوو لەگەڵ مەلیك (مسعود)، داوای کرد ئەو ناوچانەی داگیر کردووە بۆی بگەڕێنیتەوە بەڵام گوێی پێنەداو داواکەی رەت کردەوە(ابن الاثیر، ١٩٩٧، ج١٠، ص٤١٥؛ابن العدیم، ١٩٩٦، ص٤٧٠؛ ابن واصل، ١٩٥٧،ج٤، ص١٧٨؛ ).

بۆیە مەلیك (الاشرف)ی ئەیوبی و مەلیك (مسعود)ی ئەرتەقی، کە هاوپەیمانی یەکتر بوون هێزیان کۆ کردەوەو هێرشیان کردە سەر (کیقباذ)ی سەلجوقی رۆم، بەلام شکستیان هیناو (کیقباذ) توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت(ابن الاثیر، ١٩٩٧، ج١٠، ص٤١٥؛ النویري، ١٤٢٣، ج٢٧، ص١٠٢؛ نامق، ٢٠١٦، ل١٧٢).

هاوسەرگیری سیاسی لە نێوان هەردوو دەوڵەت بەردەوامی هەبووە، بۆ ئەوەی بازنەی ئەو هاوسەرگیریانە فراوانتر بێت و نزیك ببنەوە لێیان.لە ساڵی (٦٢٣ك/ ١٢٢٦ز) مەلیك (کامل الایوبي)(٦١٥-٦٣٥ك/ ١٢١٨-١٢٣٨ز)" کچەکەی خۆی داوەتە کوری سوڵتانی سەلجوقی رۆم (الدواداري، ١٩٧٢، ج٧، ص٢٧٩).

هاوسەرگیرییەکی سیاسی لە ساڵی (٦٣٥ك/ ١٢٣٧ز) لە نێوان هەردوو ماڵباتی سەلجوقییەکانی رۆم و ئەیوبییەکان ئەنجام دراوە، لە سەردەمی (غیاث الدین کیخسرو)(٦٣٥-٦٤٤ك/ ١٢٣٧-١٢٤٦ز)، کاتێك هەڵساوە بە داخوازی کردنی (غازیە) خاتونی کچی (عزیز)ی فەرمانڕەوایی (حلب)، بۆ خۆی و لەبەرامبەریشدا پێدانی خوشکی خۆی (ملکة) خاتون بۆ مەلیك (یوسف) کوڕی مەلیك (عزیز)، دایکی (ملکةخاتون) کچی مەلیك (عادل)ی ئەیوبییە، هەرچەندە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن مەلیك (ناصر یوسف) بچووك بووە و کاتی هاوسەرگیری نەهاتووە، بەڵام هاوسەرگیرییەکە ئەنجام دراوە( ابو الفداء، د.ت، ج٣، ص١٦٢؛ العمري، ١٤٢٣، ج٢٧، ص٣٠٨؛ الغزي، ١٤١٩، ج٣، ص١٠٠). ئەم هاوسەرگیریەش جورێك بووە لە ژن بەژنێ کاتی خۆی باو بووە، دوو ماڵبات رێکدەکەوتن هاوسەرگیری ئەنجام بدەن هەر یەکەو کچی خۆیان بدەن بە یەکتری.

شایانی باسە سوڵتان نێردراوێکی نارده ماڵباتی بووکەو بۆ ئەوەی داخوازییەکە ئەنجام بدرێت و خەڵکیکی زۆر لە ماڵی سولتان و قەڵاکە کۆ ببونەوە و گرێبەستی هاوسەرگیرییەکە لە نێوان (غیاث الدین کیخسرو) و (غازیة) خاتون لەسەر مەزهەبی (الإمام أبی حنیفة) ئەنجامدرا، هەروەها بڕی مارە بڕینەکەش پەنجا هەزار دینار بووە (ابن العدیم، ١٩٩٦، ص٤٩٤؛ ابن واصل، ١٩٥٧، ج٥، ص١٨٣)، بە هەمان شێوەش گرێبەستی (ملکة) خاتونی کچی سولتان (کیخسرو) کە دەکاتە خوشکی سوڵتان (کیقباذ)، لە مەلیك (ناصر یوسف) ئەنجام درا (ابن العدیم، ١٩٩٦، ص٤٩٦؛ ابن الوردي، ١٩٩٦، ج٢، ص١٦٢).

ئەم هاوسەرگیرییە بووە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان هەردوو دەوڵەت دروست ببێت، بە تایبەتی بۆ سەلجوقییەکانی رۆم، ئەوەتا سوڵتان (غیاث الدین کیخسرو)، داوای لە (صفیە) خاتونی دایکی مەلیك (عزیز)ی خاوەنی (حلب) کرد ناوی لە ووتاری هەینی و لە دراویش لە پاڵ مەلیك (ناصر یوسف) لە (حلب) بهێندرێت، خاوەنی (حلب) بە داواکەی رازی بوو، هەر بۆیەش سوڵتان نوینەرێکی نارده (حلب) بە

شێوەیەکی فەرمی ناوی سوڵتان لە پاڵ ناوی مەلیك (ناصر یوسف) لە مینبەری مزگەوتی شارەکە لە ووتاری هەینی هێنرا (ابن العديم، ١٩٩٦، ص٤٩٨؛ ابن واصل، ١٩٥٧، ج٥، ص١٩٠-١٩١؛ نامق، ٢٠١٦، ل١٧٥).

ئەمەش بەهێزی دەوڵەتی سەلجوقییەکانی رۆم لە سەردەمی سوڵتان (غياث الدين كيخسرو) بەدەردەخات، کە ناوی سوڵتان لە وتاری هەینی و لەسەر دراوی دەوڵەتی ئەیوبی هەبێت، نیشانەی بەهێزی و سەپاندنی دەسەڵاتی سوڵتانە بەسەر ئەیوبییەکان.

پەیوەندی نێوان هەردوو دەوڵەت روو لە بەهێز بوون رۆیشت، هاوکاری و کۆمەکی سەربازی یەکتریان دەکرد، لە ساڵی (٦٣٨ك/ ١٢٤٠ز) کاتێك خوارزمییەکان لەگەڵ ئەیوبییەکان لە (حلب) بەشەڕ هاتن، سوڵتان (غياث الدين كيخسرو) هاوکاری سەربازی بۆ ناردوون (ابن واصل، ١٩٥٧، ج٥، ص٢٩٣)، هەروەها لە ساڵی (٦٤١ك/ ١٢٤٣ز) ، سوڵتان (كيخسرو) داوای کۆمەکی سەربازی لە سوپای (حلب) کرد، بۆ رووبەڕووبونەوەی مەغۆلەکان، هەرچەندە ئەیوبییەکان یارمەتی سەلجوقییەکانی رۆمیشی دا، بەڵام شکستیان هیناو مەغۆلەکان سەرکەوتن بەسەریان و زۆریان بە دیل گرت و کوشتاری زۆریان ئەنجامدا (ابوالفداء، د.ت، ج٣، ص١٧١؛ فضل الله العمري، ١٤٢٣،ج٢٧، ص٣٢٤). بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پەیوەندی نیوانیان بڕوانە (مهنا، ٢٠١٥، ص ص ١١٢-١١٧).

لە ساڵی (٦٥٢ك/ ١٢٥٤ز) مەلیك (ناصر یوسف) هاوسەرەکەی گواستەوە، لە کاتی زەماوەندێکی گەورەی بۆ (ملكة) خاتون لە (دیمشق) سازداو لە کاتی ئاهەنگەکەدا مانۆڕێکی گەورەی سەربازیشی بۆ ئەنجامدا، (الذهبي، ١٩٩٣، ج٤٨، ص٣٤؛ العيني، ٢٠١٠، ج١، ص ٩٢).

**تەوەرەی سێیەم: هاوسەرگیری سەلجوقییەکانی رۆم لەگەڵ هێزە نا ئیسلامییەکان.**

**یەکەم:هاوسەرگیری سیاسی لەگەڵ ڕۆمە (بیزنطی)یەکان.**

دوای کوژرانی سوڵتان (سليمان بن قتلمش)، پەشێوی و نائارامی باڵی بەسەر وڵات کێشا، هەر کە هەواڵی مردنەکەی بڵاو بووەوە میرەکان لە ناوچەکانی خۆیان سەربەخۆیان ڕاگەیاند، لەو کاتەدا(قلج ارسلان داود بن سليمان)(٤٨٥-٥٠٠ك/ ١٠٩٢-١١٠٧ز) بوو بە جێگرەوی لەبەر ئەوەی منداڵ بوو (ملكشاه) (٥٠٠-٥١٠ك/ ١١٠٧-١١١٦ز) بەدەرکەوت و وا خۆی پێشاندا وڵات یەك دەخات و دەستی کرد بەو ڕێکخستنە کارگێڕیانەی داینابوو، ناوچەکانی (حلب) لەوانە (لاذقية)[17] (منبج)[18] و (حماة)[19] ی دایە (قسيم الدولة اق سنقر)، هەروەها (انطاكية)ی دایە (ياغى سيان التركى)، هەروەها لەگەل ئیمپراتۆری (بیزنطین)یەکان (الكسيوس كومنين)[20] دانووسانیان ئەنجامدا ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی توورکەکان لە کەناراوەکانی ئاسیای بچوك بکشێنەوە، هەموو ئەو قەڵایانەی رووخاون سولتان نۆژەنی بکاتەوە، لەکاتی پێویستی یارمەتی سوپای (بیزنطینی)یەکان بدات، لەهەمان کاتیشدا ڕێکەوتن سوڵتان کچی فەرمانڕەوایەکی (بیزنطی) بخوازێت ( ابن الاثير، د.ت، ص٨؛ طقوش، ٢٠٠٢،ص ٦٩-٧٠).

رۆمە (بیزنطی)یەکان هەوڵیاندەدا لە ڕێگەی هاوسەرگیرییەوە وا بکەن هەموو ئەو ناوچانەی لە دەستیانداوە لە ئاسیای بچووك بیگێڕنەوە، زۆر جار هاوسەرگیرییان بەکارهیناوە بۆ هینانەدی مەبەستەکانیان دوای ئەوەی لە هیرش کردنی ناوچەکان شکاون، یاخود لە بەرامبەر هێزی بەرامبەر شکستیان هیناوە، بە ناچاری رێکەوتنامەیان مۆر کردووەو بەندێك لە رێکەوتنامەکان هاوسەرگیری بووە بۆ ئەوەی لە یەکتر نزیك ببنەوە.

ئەم پەیوەندییە زۆری نەخایاند، لە کاتی فەرمانڕەوایی سوڵتان (مسعود بن قلج ارسلان) (٥١٠-٥٥٠ك/ ١١١٦-١١٥٥ز) رۆمە (بیزنطی)ەکان هێرشیان کردە سەر ناوچەکانی ئاسیای بچوك، لە ساڵی (٥٣٤ك/ ١١٤٠ز) لە سەردەمی پاشا (حنا كومنين)[21] چەند شارێکیان گرت، بەڵام کوڕی برای پاشا پاشەکشەی کرد لەو هیرشانەو ریزی سوپای جێهێشتە، ئیمپراتۆری رۆم ناچار بوو بگەڕێتەوە (القسطنطينية)، بەهۆی پەیوەندی بەهێزی هەردوو لاوە کوری برای ئیمپراتۆریەتی رۆم[22] موسڵمان بوونی خۆی ڕادەگەیەنێت و سوڵتان (مسعود)ی سەلجوقی بۆ ئەم مەبەستە لێی نزیك دەبێتەوەو هاوسەرگیری ئەنجام دەدن و سوڵتان کچی خۆی دەداتە پێی (عاشور، ٢٠١٠، ج١، ص٤٦٢-٤٦٣؛ الزبياري، ٢٠٠٩، ص٢١٠).

پێشتر باسمان کرد لە دوای مردنی باوکی (قلج ارسلان) (غياث الدين كيخسرو بن قلج ارسلان) لە ساڵی (٦٠١ك/ ١٢٠٤ز) لەگەڵ برایەکەی دەکەوێتە کێشەو روو دەکاتە چەندین هێزو گروپ تا دواجار لای ئەرتەقییەکان دەمینێتەوە بەڵام بەردەوام نابێت لەوێش، ناچار پەیوەندی بە رۆمە بیزنطینەکانەوە دەکات، بە کەشتی دەیەوێت بچێتە (القسنطنطينية) بەڵام ئاراستەی بایەکە دەیبات بۆ (مغرب) لەوی دەمینیتەوە لای فەرمانڕەوای شارەکەو وداوای هاوکاری لێدەکات، بەڵام لە بەر دووری یارمەتی نادات، بۆیە روو دەکاتە ولاتی ڕۆم و لە (القستنطينية) دەگیرسێتەوە، پاشای رۆمەکان(اليكسوس الثالث انجيلوس)[23] داڵدەی دەدات و ڕێزی دەگریت و کچی[24] یەکێك لە فەرماندەکان ( مانويل ماكروزوموس) دەداتێ و لەوی دەمینێتەوە تاکو برایەکەی دەمرێت و ئەویش دەچێتەوە وڵات (ابن الاثير، ١٩٩٧، ج١٠، ص٢٠٥؛ ابن البيبي، ١٩٩٢، ص١٣؛ طقوش، ٢٠٠٢، ص٢١٢-٢١٣).

بەهۆی ئەو هاوسەرگیرییەوە(غياث الدين كيخسرو بن قلج ارسلان) توانی پەناگەیەك بدۆزێتەوە ئەویش ولاتی رۆمە بیزەنتینییەکان بوو بۆ ئەوەی دوای خو ڕێکخستنەوە بتوانێت بۆ وڵات بگەڕێتەوە ، لە هەمان کاتیشدا پاشای رۆمەکان دەیوست سود لەو هاوسەرگیرییە ببینێت بۆ ئەوەی لە دەرفەتێکدا هێرش بکاتە سەر ئەو ناوچانەی نزیکن لە سەلجوقییەکانی ڕۆم.

**دووەم: کچی فەرمانڕەوای (کرمان)**

سوڵتان (علاء الدين كيقباذ) لە ژیاندا مابوو هاوسەرگیری بۆ کورەکەی (غياث الدين كيخسرو) لەگەڵ فەرمانڕەوای (كرج) ئەنجامدا، کچەکەش ناوی (بكرجي خاتون) بوو(العيني، ٢٠١٠، ص١٣٧).

بەهۆی ئەو هاوسەرگیرییەوە میرەکانی تر رقیان لێدەبووەوە، لەبەر ئەوەی (بكرجي خاتون) دەستی دەخستە ناو دەسەڵاتەوەو سوڵتانیش کەوتبووە ژێر کاریگەری، کە داوای لە سوڵتان کرد برایەکەی (كرخاية) بکاتە فەرماندەی سەلجوقییەکان، ئەویش کردییە فەرماندەو مەسیحی بوو، بۆیە سوپای سەلجوقی ناکۆکی کەوتە نێوانیان و جیابوونەوە، ئەمەش وای کرد، کە ئەو کاتەی (التتار) بە هاوەڵی (جرماغون) و (بيجو) گەیشتنە وڵاتی سەلجوقییەکانی رۆم، میرەکان یارمەتی سوڵتانی ناوبراویان نەداو پشتیان لێکرد، بۆیە (غياث الدين) ڕووبەرووی (التتار)[25] بووەوە لە

چیایە بە ناوی (کوسا داغ)[٢٦] ، ( النویري، ١٤٢٣، ٢٧، ص١٠٦؛ الربیدي، ٢٠١٣، ص٢١٨).

جەنگێکی گەورە ڕوویدا لە نێوان سەلجوقییەکانی ڕۆم، بە سەرکردایەتی (غیاث الدین کیخسرو) و (بایجو نین) سەرکردەی مەغۆل لە ساڵی (٦٤١ك/١٢٤٣ز) بە ناوی جەنگی (کوسا داغ) لەو جەنگەدا مەغۆلەکان سەرکەوتن بەسەر سەلجوقییەکانی ڕۆم، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم جەنگە بڕوانە (مؤلف مجهول، ٢٠٠٧، ص ص ٢٨٣-٣٠٢).

سێیەم: هاوسەرگیری سیاسی لەگەڵ ئەرمەنەکان.

سوڵتان (کیقباذ) خۆی ئامادەکرد بۆ هێرش کردنە سەر ناوچەکانی ئەرمەن، گرتنی قەڵای (کالورونوس)[٢٧] ، کە تێیدا سەرکردەی ئەرمەنەکان (کیرفارد) لەوێ فەرمانڕەوایەتی دەکرد، بۆ ئەم مەبەستە سوڵتان هێزەکانی کردە سێ بەشەوە کە هێرش بکەن، بەشێکی لەڕێگەی ووشکانی کە ناوچەی بەردەلانی بوون، بەشێکی لەڕێگەی دەریاوە، بەشەکەی تری ڕاستەوخۆ بۆ قەڵایەکە، کە لەسەر شاخی (البرز)[٢٨] بنیادنرا بوو، بە مەنجەنیق هێرشیان کردە سەری(ابن البیبي، ١٩٩٢، ص٩٧-٩٨).

(کیرفارد) داوای لە (مبارز الدین ارتقش)[٢٩] کرد، کە نزیك بوو لە سوڵتان، بۆ ئەوەی ئاشتی بەرپا بێت و ئەویش هەوڵی نزیك بوونەوەی هەردوولای داو هاوسەرگیرییەکی سیاسی لێ بەرهەم هات، سوڵتانی ناوبراو کچی[٣٠] (کیرفارد) ی هێنا، بەهۆی ئەو هاوسەرگیرییەوە پەیوەندیان بەهێز بوو، سوڵتان هەرێمی (آقشهر قونیة)ی پێبەخشی(المؤلف مجهول، ٢٠٠٧، ص١٢٤-١٢٥؛ طقوش،٢٠٠٢، ص٢٤٤ )، دوای ئەوەی (کیرفارد) موسڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند، پەیوەندیان باشتر بوو، سوڵتانی ناوبراو یەکێك لە کچەکانی مارە کرد لە کوری (کیرفارد) (الربیري، ٢٠١٣، ص٢١٨).

ئەم هاوسەرگیرییە هۆکارێکی باش بۆ مانەوەی دەسەلاتی ئەرمەنییەکان لە ناوچەکانی خۆیان و بەو هۆیەشەوە پارێزراو بوون لە هێرشی سەلجوقییەکانی ڕۆم.

**چوارەم: هاوسەرگیری لەگەڵ مەغۆلە ئیلخانییەکان (٦٥٦-٧٣٦ك/ ١٢٥٨-١٣٣٥ز).**

هۆلاکۆ[٣١] دوای لە ناوبردنی خیلافەی عەبباسی لە ساڵی (٦٥٦ك/ ١٢٥٨ز)، لە گەنجینەی خیلافەتی عەبباسی ماڵ و سامانێکی زۆری کۆ کردەوە، جگە لەوەی چەندین دەسکەوتی ماددی لە ناوچەکانی تر بەدەست هێنا، بۆیە گەرایەوە بایەخی بە هەرێمی (ازربیجان) دا، ئەو ناوچانەی سەر بەو هەرێمە وێران ببوو کەوتە نۆژەنکردنەوەی و حکومەتێکی لەو ناوچەیە دامەزراند، (مراغة)[٣٢] ی وەکو پایتەخت ناساند (الهمذانی، د.ت، ج١، مج٢، ص٢٩٢؛ الیونیني، ١٩٩٢، ج١، ٩١؛ خۆشناو، ٢٠٠٢، ل١٠٤).

لە نێوان سەلجوقییەکانی ڕۆم و مەغۆلەکان هاوسەرگیری سیاسی ئەنجامدراوە[٣٣]، (اباقا خان بن هولاکو) (٦٦٣-٦٦٨٠ك/ ١٢٦٤-١٢٨١ز) بۆ (اراغون خان)[٣٤] کوڕی (سلجوق خاتون) کچی (رکن الدین قلج ارسلان)ی چوارەمی(٦٤٤-٦٦٣ك/ ١٢٤٦-١٢٦٥ز) هێناوە، (معین الدین سلیمان پروانە)[٣٥] بە سەرۆکایەتی شاندێك یاوەری بووکەکەی کرد تا بردی بۆ لای زاوا لە ئێران (البناکتي، ٢٠٠٧، ص٤٧٠؛ حلوابی، ١٣٨١، ص١٣٤).

ئامانجی ئەم هاوسەرگیرییە ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە لە دوای مردنی (غیاث الدین بن کیخسرو بن کیقوباد) (کیخسرو)ی دووەم، کێشە کەوتە نێوان کوڕەکان بۆ وەرگرتنی دەسەلات کە سێ برا لەسەر بەدەستهێنانی سوڵتانیەتی لە کێشەو ملاملانێ دابوون،(رکن الدین قلج ارسلان)ی چوارەمی خۆی لە مەغۆلەکان نزیك کردەوە و ئەو هاوسەرگیرییەی ئەنجامداوە.

هاوسەرگیرییەکی تریش ئەنجامدراوە لە نێوان سەلجوقییەکان و مەغۆلەکان، کاتێك (معین الدین سلیمان پروانە) هاوسەرگیری کرد لەگەڵ خوشکی (قراجین نویان) فەرماندەی مەغۆلەکان، سەرچاوەکان ئاماژەیان بە هۆکاری ئەو هاوسەرگیرییەی نێوانیان نەکردووە، پێدەچێت کە بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییە کەسییەکانی وەزیر(معین الدین سلیمان پروانە) بووبێت و پەیوەندی بەهێز لەگەڵ مەغۆلەکان ببەستێت، بۆ ئەوەی پشتگیری لە حکومەتەکەی بکات لە ئەنادۆڵ( ابن الفرات، ١٩٤٢، مج٧، ص٦٨؛ الربیري، ٢٠١٣، ص٢١٩).

---

[١] -ملازکرد: شارێکی بەناوبانگە لە هەرێمی (ارمینیا) لە نێوان شاری (خلاط) و وڵاتی ڕۆمە، خەڵکەکەی (ارمن)ی و ڕۆمن( الحموي، ١٩٩٥، ج٥، ص٢٠٢).

[٢] - نیقیة: ئەو شارە سەر بە (اعمال اسطنبول)هـ، ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوانەکەی مەسیحی بوون، هەر لە کۆنەوە لەوێ نیشتەجێ بوونە (القزویني، د.ت، ص٦٠٨).

[٣] - نورالدین محمد بن قرا ارسلان: ناوی (نورالدین محمد بن قرا ارسلان بن داود بن سقمان)، فەرمانڕەوای ئەرتەقییەکان بووە، خاوەن قەلای (امد) بووە، ماوەی فەرمانڕەوایی لە نیوان ساڵانی ((٥٦٢-٥٨١ك/ ١١٦٧-١١٨٥ز) بوو (ابن الاثیر، ١٩٩٧، ج١٠، ص٨).

[٤] - مەلیك (الصالح): ناوی (محمود بن محمد بن قرا أرسلان بن أرتق)هـ، ناسراوە بە (الملك الصالح ناصر الدین)، فەرمانڕەوای ئەرتەقییەکان بووە لە (امد)، کەسێکی ئازاو زیرەك بووە، ڕێزی لە زانایان گرتووە، لە ساڵی (٥٩٧ك/ ١٢٠١ز) دەسەلاتی وەرگرتووە، لە ساڵی (٦١٩ك/ ١٢٢٢ز) مردووە (الذهبي، ١٩٩٣، ج٤٤، ص٣٨٢؛ ابن الوردي، ١٩٩٦، ج٢، ص١٤٠؛ الغساني، ١٩٥٧، ص٢٩١).

[٥] - دانشمندەکان: بنەماڵەیەکی تورکمانی بوون ، لە بنەڕەتدا لە باکوری ناوەڕاستی ئەنادۆل و کبادوکیاو ڕۆژئاوی ئەنقەرە، بوون، ناوچەکانی (سیواس، وآماسیة، وتوقات، ونکیسار، وعثمانجق، والبستان وملطیة) توانیان دەست بەسەر ئەو ناوچانەدا بگرن و (الملك احمد دانشمند غازي) بە دامەزرێنەری دەولەتەکە دادەندرێت، لە ساڵی (٤٥٥ك/ ١٠٦٣ز) پێش سەلجوقییەکان دەستی بەسەر وڵاتدا گرت و منداڵ و نەوەکانی هەتا ساڵی(٦٠٧ك/ ١٢١١ز) بەردەوام بوون لە فەرمانڕەوایی. (مؤلف مجهول، ٢٠٠٧، ص٣٤؛ بوزورث، ٢٠١٣، ص٢٧٣).

[٦] -ئەم بنەماڵەیە فەرمانڕەوای ئەرزەرۆم بوون پێشیان دەگوترێت (سلتق)یا (سلدق)، لە کۆتاییەکانی سەدەی پێنجی کۆچی/ دەی زاینی ئەو بنەماڵەیە فەرمانڕەوایەتی ئەرزەرۆمیان کردووە، کە سلتق یەکێك بووە لە فەرماندەکانی تورك، لە دوای خۆی کوڕەکەی (على بن سلتق) توانی دەسەڵاتی فراوان بکات و ئەرزەرۆم بکاتە بنکەی دەسەڵاتی (بوزورث، ٢٠١٣، ص٢٧٤).

[٧] - جوسلین: ناوی (جوسلين الثاني كونت الرها)، پاشای فەرەنجەکان بوو، خاوەنی (الرها) بوو، لە جەنگێکدا (نور الدين محمود الزنكى) توانی بە دیل بیگرێت و لە قەڵای (حلب) زیندانی بکات، تاکو ساڵی(٥٥٣ك/١١٥٩ز) دەمرێت (ابن واصل، ١٩٥٧، ج١، ٩٣؛ الترمانيني، ١٩٩٤، ص٣٦١).

[٨] - عين تاب: قەڵایەکی بەهێز بووە، رستاقێکە لە نێوان (حلب) و (انطاكية) پێشی گوتراوە (بدلوك ودلوك) (الحموي، ١٩٩٥، ج٤، ص١٧٦).

[٩] - تل باشر، : قەڵایەکی بەهێز بووە، (كورة)یەکی گەورەوە فراوان بووە لە باکوری (حلب)، لە نیوان (تل باشر) و (حلب) دوو رۆژە رێیە، خەلکەکەی مەسیحی و ئەرمەن بووە (الحموي، ١٩٩٥، ج٢، ص٤٠).

[١٠] - اعزاز، دەکەوێتە باکوری خۆرئاوای (حلب) نزیکە لە قەلای (حلب) ( ابو الفداء، ١٤٢٧، ص٢٦٠).

[١١] - مرعش: شارێکی سنووریە لە نێوان (شام) و خەندەقێکی لێکراوە لەگەل قەڵایەك و لە ناوەراستی قەڵایەکە دیوارێکی لێیە (الحموي، ١٩٩٥، ج٥، ص١٠٧).

[١٢] - ذا النون: ناوی (ذو النون بن محمد بن دانشمند) فەرمانڕەوای دانشمەندەکان بووە، خاوەنی (سیواس) و (ملاطية) بوو، لە ساڵی (٥٥٧ك/ ١١٦٢ز) کۆچی دوایی کردووە (عماد الدين الاصفهاني، ٢٠٠٢، ص٣٨٤؛ ابن خلدون، ١٩٨٨، ج٥، ص١٩١).

[١٣] - دوین: شارێکە لە هەرێمی (اران) لە باکوری سنوری (ازربایجان)، لە دەوروبەری شارۆچکەی (تفلیس)، فەرمانڕەوایەکانی (شام) لة بنەماڵەی ئەیوبی دەگەڕێنەوە بۆ ئەو ناوچەیە( الحموي، ١٩٩٥، ج٢، ص٤٩١).

[١٤] - شمس الدين محمد: ناوی (محمد بن محمد بن موسى، أبو عبد الله، شمس الدين) ناسراوە بە (ابن الفراش) هۆزانڤان و دادوەرو فەقیهـ بووە، خەڵکی (دمشق) بووە، لە گەورە پیاوانی سەردەمی زنگییەکان و ئەیوبییەکان بووە، دادوەری سەربازی (نور الدين محمود) زەنگی بووە، تاکو مردنی، دواتر دەبێتە دادوری سەربازی ئەیوبییەکان لە سەردەمی (صلاح الدين الايوبي)و دەچێتە (قاهرة)و لەوێ نیشتەجێ دەبێت، لە ساڵی (٥٨٨ك/ ١١٩٢ز) لە (ملطية) کۆچی دوایی کردووە (عماد الدين الاصبهاني، ٢٠٠٤، ص ٣٢٥؛ الزركلي، ٢٠٠٢،ج٧، ص٢٦ ).

[١٥] - هیچ سەرچاوەیەکی ڕەسەن باس لەو ناکات ناوی ئەو خاتوونە چی بووە، تەنها توێژەرێکی هاوچەرخ نەبێت ئاماژە بەوە دەکات ناوی (خوندا خاتون)هـ ( طقوش،٢٠٠٢، ص٢٤٢).

[١٦] - شمس الدين ألتونبه جاشني گير: هیچ زانیارییەکمان لە سەر ئەو کەسایەتییە بە دەست نەکەوت.

[١٧] - لاذقية: شارێکی کۆنی ڕۆمەکانە و دوو قەلای هەبووە، هەروەها لە کەناره رووباریەکانی وڵاتی شام، سەر بە (اعمال حمص) بوو، لە نێوان لاذقية و رۆژئاوی (الجبلة) شەش فەرسخە، ئێستا سە بە (اعمال حلب)هـ،(الحموي، ١٩٩٥، ج٥، ص ٥-٦).

[١٨] - منبج: (كورة)یەکە سەر بە ناحیەی ( قنسرين)،شارێکی گەورەیە، لە نێوان (منبج) و رووباری (فرات) یەك (مرحلة)یە، رۆمەکان دروستیان کردووە، بازاری لێیەو بە بازرگانییەوە خەریك بوونە، ئاوو ئاو هەوایەکی خۆشی هەیە (ابن جبير، د.ت، ص٢٠٠؛ الحميري، ١٩٨٠، ص٥٤٧).

[١٩] - حماة: شارێکە سەر بە (كورة)ی (حمص) لە (شام)، شارێکی حۆشەو لە ناوەڕاستی ڕووبارێك هەیە ناوی ( العاصي)یە، (الحميري، ١٩٨٠، ص١٩٩).

[٢٠] - الكسيوس كومنيون: یەکێکە لە ئیمپڕاتۆریەتەکانی رۆمە (بیزنطینی)یەکان، ماوەی فەرمانڕەوایی لە نیوان ساڵانی (٤٧٣-٥١١ك/ ١٠٨١-١١١٨ز)، لە بنەماڵەی (کومنیون)هـ ئەو بنەماڵەیە توانیان دەسەڵات وەربگرن لە ساڵانی(٤٧٣-٥٨٠ك/١٠٨١-١١٨٥ز)، کەسێکی سیاسی و دبلۆماسی و سەربازی بووە، توانی وڵات یەك بخات و زاڵ بێت بەسەر کێشەو گرفتەکانی ناوخۆ و دەرەروە (هسى، ١٩٩٧، ص١٥٠؛ اليوسف، ١٩٨٤، ص١٤٤).

[٢١] - (kaloioannes)ماوەی فەرمانڕەوایی لە نێوان ساڵانی (٥١٢ – ٥٣٨ك/ ١١١٨-١١٤٤ز) مێژوونووسە موسڵمانەکانش پێی دەڵێن (كياليانى)(سبط ابن الجوزي، ٢٠١٣، ج٢٠،ص٢٩٧).

[٢٢] - کوڕی برای ئیمپراتۆریەتی رۆم: ناوی (Cassianus) كاسيانوس بن اسحق ( الزبياري، ٢٠٠٩، ص٢١٠).

[٢٣] - اليكسوس الثالث انجيلوس: ئیمپراتۆری (بیزنطینی)یەکان بووە لە نێوان ساڵانی (٥٩٢- ٦٠١ك/ ١١٩٥-١٢٠٤ز)، دەستی بەسەر تەختی پاشایەتی گرت دوای ئەوەی برایەکەی بچووك بوو دووری خستەوەو خۆی بوو بە فەرمانڕەوای وڵات، لە بنەماڵەی (انجلیوس)هـ، ئەو بنەماڵەیە لە نێوان سالانی ( ٥٨٠-٦٥٩ك/ ١١٨٥-١٢٦١) فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆریەتی(بیزنطینی)یەکانیان کردووە، سەردەمی ناوبراو هاوکات بووە لە گەل (الحملة الصليبية الرابعة)(هسى، ١٩٩٧، ص١٧٧؛ توفيق، ١٩٦٧، ص١٥٦).

[٢٤] - کچەکە ناوی کە ناوی (Bardwle ) (بردولية خاتون)بووە (الربيدى، ٢٠١٣، ص٢١٧).

[٢٥] - التتار: دەرکەوتن لە (منغوليا) لە باکوری (صين)، لە دەورووبەری ساڵی (٦٠٣ك/ ١٢٠٧ز)، یەکەم سەرکردەی (جنكيز خان) بوو (السرجاني، ٢٠٠٦، ص١٥).

[٢٦] - کوسا داغ: بەچەند ناویکی تر هاتووە (كوسي داغ)، (جبل كوسى)، (جبل الاسود) (جبل الاقرع)، گەورەترین چیایە لە ناوچەی (الشام)، دانیشتوانەکەی تورکمانن، دارو درەخت و رووباری لێیە (ابن بطوطة، ١٤١٧، ج١، ص٢٩٤). (المسعودي، ١٤٠٩) دەڵێت " وهو جبل عال لا يدرك علوه مطل على بلاد أنطاكية واللاذقية وطرابلس وجزيرة قبرص وغيرها من بلاد الروم " چیایەکی بەرزە دەڕوانێتە سەر وڵاتی(بلاد أنطاكية واللاذقية وطرابلس) و دورگەی (قبرص) (ج١، ص١٠٨).

[٢٧] - کالورونوس: قەڵایەکی بەهێز بوو لە کەنارەواوەکانی ڕووباری (ادرياتيك) پێشی دەڵێن قەلای (علائية) (ابن العبري، ١٩٩١، ص٢٦٧).

[28] - البرز: یەکێکە لە زنجیرە شاخە بەرزەکانی باکوری ئێران (مؤلف مجهول، ٢٠٠٧، ص١٢١).

[29] - مبارز الدين ارتقش: ناوی ( اقوش بن عبد الله مبارز الدين المنصوري)، دادوەر بووە لە (حماة)، کەسێکی زیرەك و داناو ئازا بووە، لە ساڵی (٦٧٣ك/ ١٢٧٥ز) کۆچی دوایی کردووە ( اليونيني، ١٩٩٢، ج٣، ص٤٨؛ الصفدي، ٢٠٠٠، ج٩، ص١٨٨).

[30] - ناوی ماه بري خاتون بوو (الربيري٢٠١٣، ص٢١٨).

[31] - هۆلاکۆ: ناوی (هولاگو خان) کوری چوارەمی (لتولوی خان) واتە کوری چوارەمی (جنگیز خان)، دایکی ناوی (سیور قوقیتی بیکی) ماوەیی فەرمانڕەوایی لە نێوان ساڵانی (٦٥١-٦٦٣ك/ ١٢٥٣-١٢٦٤ز)، (الهمذانی، د.ت، ج١، مج٢، ص٢١٨).

[32] - مراغة: شارێکی بەناوبانگە، بە گەورەترین شاری هەرێمی (ازربيجان) دادەندرێت، ( الحموي، ١٩٩٥، ج٥، ص٩٣).

[33] - ئەم هاوسەرگیرییە کاتێك ئەنجامدراوە (ارغون خان) فەرمانڕەوای مەغۆل نەبووە، بە گوێرەی ماوەی فەرمانڕەوایەتیان بێت لە سەردەمی باوکی (اباقا خان بن هولاکو) (٦٦٣-٦٦٨٠ك/ ١٢٦٤-١٢٨١ز) ئەنجامدراوە.

[34] - ارغون خان: ناوی (ارغون خان بن اباقا خان بن هەلاکو خان)، چوارەم پاشای ئیلخانییەکان بووە، ماوەی فەرمانڕەوایەتی لە نێوان ساڵانی (٦٨٣-٦٩٠ك/ ١٢٨٣-١٢٩٠ز) (الهمذانی، د.ت، ج١، مج٢، ص٣٧٧).

[35] - معيين الدين سليمان: ناسراوە بە (پروانە)، کە نازناوێکە بە (الحاجب اللاعجمي)، لە سەردەمی (رکن الدين قلج ارسلان)ی چوارەم، وەزیری سەلجوقییەکانی رۆم بووە، کەسێکی سیاسی فێڵ باز بووە، لە ساڵی (٦٧٥ك/ ١٢٧٦ز) لە لایەن مەغۆلەکا ئیلخانییەکانەوە دەکوژرێت (ابن العبري،١٩٩١، ص٣٣٦؛ الحلبي، ١٩٨٨، ج٢، ص٢٦٦).

## لیستی سەرچاوەکان


١- ابن الاثير،(١٩٩٧)، الكامل في التاريخ، ط١، دار الكتاب العربي، بيروت.

٢- ابن الاثير،(د.ت)، التاريخ الباهر في الدولة الاتابكية بالموصل، دار الكتب الحديثة، القاهرة.

٣- ابن بطوطة، (١٤١٧)، رحلة ابن بطوطة المسماة تحفة النظار في غرائب الامصار وعجائب الأسفار، أكاديمية المملكة المغربية، الرباط.

٤- البناكتي، (٢٠٠٧)، تاريخ البناكتي = روضة أولي الألباب في معرفه التواريخ والأنساب، ط١، المركز القومي للترجمة ،القاهرة.

٥- البنداري،(١٩٠٠)، دولة ال سلجوق، طبع الكتب العربية، مصر.

٦- بوزورث، كليفور ادموند، (٢٠١٣)، السلالات الاسلامية الحاكمة دليل مرجعي في التاريخ والانساب، ترجمة: عمرو الملاح، ط١، دار الكتب الوطنية، ابوظبي.

٧- ابن البيبي، (١٩٠٢)، تواريخ ال سلجوق، ليدن، باريس.

٨- تامارا، تابلوت رايس، (١٩٨٦)، السلاجقة تاريخهم و حضارتهم، مطبعة الارشاد، بغداد.

٩- الترمانيني، عبدالسلام، احداث التاريخ الاسلامي بترتيب السنين،(١٩٩٤)، ط١، دار طلاس، دمشق.

١٠- ابن تغري بردي، (د.ت)، النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، دار الكتب، مصر.

١١- توفيق، عمر كمال، (١٩٦٧)، تاريخ الامبراطورية البيزنطية، دار المعارف.

١٢- ابن جبير، (د.ت)، رحلة ابن جبير، دار ومكتبة الهلال، بيروت.

١٣- حاجي خليفة، (٢٠١٠)، سلم الوصول إلى طبقات الفحول، مكتبة إرسيكا، إستانبول.

١٤- حلوايى، رقيه يوسفى، (١٣٨١)، روابط سياسى سلاجقهء روم بت ايلخانان، مؤسسه انتشارات امير كبير، تهران. فارسية.

١٥- الحموي، ياقوت، (١٩٩٥)، معجم البلدان، دار صادر، بيروت.

١٦- الحميري، (١٩٨٠)، الروض المعطار في خبر الأقطار، ط٢، مؤسسة ناصر للثقافة ، بيروت.

١٧- ابن خلدون، (١٩٨٨)، ديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر ومن عاصرهم من ذوي الشأن الأكبر، ط٢، دار الفكر، بيروت.

١٨- خۆشناو، رابيعە فەتاح، (٢٠٢٢)، کوردستان لەسەردەمی ئیلخانانی مەغۆلی (٦٥٦-٧٣٦ك/ ١٢٥٨-١٣٣٥ز)، چ١، زانکۆی سەڵاحەدیین، هەولێر.

١٩- الدواداري ، (١٩٧٢)، كنز الدرر وجامع الغرر.

٢٠- الذهبي، (١٩٨٥)، سير أعلام النبلاء، ط٢، مؤسسة الرسالة.

٢١- (١٩٩٣)، تاريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام، ط٢، دار الكتاب العربي، بيروت.

٢٢- (د.ت)، العبر في خبر من غبر، دار الكتب ، بيروت.

٢٣- الربيدي، فاطمة يحيى زكريا، (٢٠١٣)، الحريم السلطاني في بلاد الأناضول في العصر السلجوقي : المشاركة السياسية والإنجازات الحضارية، مجلة جامعة الشارقة للعلوم الإنسانية والاجتماعية، مج١٠، ع٢.

٢٤- الزركلي، (٢٠٠٢)، الاعلام، ط١٥، دار العلم للملايين.

-٢٥ الزيباري، محمد صالح (٢٠٠٩)، سلاجقة الروم في اسيا الصغرى دراسة في الجوانب السياسية،ط٢، دار دجلة.

-٢٦ السرجاني، راغب، (٢٠٠٦)، قصة التتار، من البداية إلى عين جالوت، ط١، مؤسسة اقراء، القاهرة.

-٢٧ ابو شامة، (١٩٩٧)، الروضتين في أخبار الدولتين النورية والصلاحية، ط١، مؤسسة الرسالة ،بيروت.

-٢٨ ابن شداد، (١٩٩٤)، النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية (سيرة صلاح الدين الأيوبي)، ط٢، مكتبة الخانجي، القاهرة.

-٢٩ الصفدي، (٢٠٠٠)، الوافي بالوفيات، دار إحياء التراث، بيروت.

-٣٠ طقوش، محمد سهيل، (٢٠٠٢)، تاريخ سلاجقة الروم في آسيا الصغرى (٤٧٠ ـ ٧٠٤ هـ/١٠٧٧ ـ ١٣٠٤م)، مدخل إلى تاريخ العثمانيين، ط١، دار النفائس، بيروت.

-٣١ عاشور، سعيد عبدالفتاح، (٢٠١٠)، الحركة الصليبية صفحة مشرقة في تاريخ الجهاد الاسلامي في العصور الوسطى، مكتبه الانجلو المصرية، القاهرة.

-٣٢ إبن العبري،(١٩٩١)، تاريخ الزمان، دار المشرق، بيروت.

-٣٣ ابن العديم، (١٩٩٦)، زبدة الحلب في تاريخ حلب، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت.

-٣٤ عماد الدين الاصفهاني، (١٩٨٧)، البرق الشامي، مؤسسة عبد الحميد شومان ، عمان.

-٣٥ (٢٠٠٢)، البستان الجامع لجميع تواريخ أهل الزمان، ط١، المكتبة العصرية للطباعة والنشر، بيروت.

-٣٦ عمادالدين خليل، (١٩٨٠)، الإمارات الأرتقية في الجزيرة والشام،( ٤٦٥ – ٨١٢ هـ / ١٠٧٢ - ١٤٠٩م)، أضراء جديدة ( على المقاومة الإسلامية للصليبيين والتر)، ط١، مؤسسة الرسالة، بيروت.

-٣٧ عوض، محمد مؤنس، (٢٠٠٧)، الامبراطورية البيزنطينية، دراسة في تاريخ الاسر الحاكمة (٣٣٠- ١٤٥٣م)، ط١، عين للدراسات البحوث الانسانية والاجتماعية.

-٣٨ العيني،(٢٠١٠)، عقد الجمان في تاريخ اهل الزمان، دار الكتب الوثائق القومية، القاهرة.

-٣٩ الغساني، (١٩٥٧)، العسجد المسبوك والجوهر المحكوك في طبقات الخلفاء والملوك،دار البيان، بغداد.

-٤٠ أبو الفداء، د.ت، المختصر في أخبار البشر، ط١، المطبعة الحسينية المصرية.

-٤١ ابن الفرات، (١٩٤٢)، تاريخ ابن الفرات، المطبعة الاميركانية، بيروت.

-٤٢ فضل الله العمري،(١٤٢٣)، مسالك الأبصار في ممالك الأمصار، ط١، المجمع الثقافي، أبو ظبي.

-٤٣ القزويني، (د.ت)، آثار البلاد وأخبار العباد، دار صادر، بيروت.

-٤٤ ابن القلانسي، (١٩٨٣)، تاريخ دمشق لابن القلانسي، ط١، دار حسان للطباعة والنشر، دمشق.

-٤٥ المسعودي، (١٤٠٩)، ملاوج الذهب والمعادن الجوهر، دار الهجرة.

-٤٦ المؤلف مجهول،(٢٠٠٢)، أخبار سلاجقة الروم = مختصر سلجوقنامه – تعريب، ط٢، لمركز القومي للترجمة، القاهرة.

-٤٧ مهنا اسامة،(٢٠١٥)، صراع بين سلاجقة الروم والأيوبيين في بلاد الشام بين عامي (٥٧٦-٦١٦د /١١٨٠–١٢١٩)، مجلة جامعة تشرين للبحوث والدراسات العلمية، مج(٣٧)، ع(٦).

-٤٨ نامق، سامان، (٢٠١٦)، ژنخوازیی سیاسی له دەوڵەتی ئەیوبیدا، چ١، نارین، هەولێر.

-٤٩ النسوي، (١٩٥٣)، سيرة السلطان جلال الدين منكبرتى، دار الفكر العربي، مصر.

-٥٠ النويري، (١٤٢٣)، نهاية الأرب في فنون الأدب، ط١، دار الكتب والوثائق القومية، القاهرة.

-٥١ هسى، ج.م، (١٩٩٧)، العالم البيزنطى، عين للدراسات البحوث الانسانية والجتماعية.

-٥٢ الهمذاني،(د.ت)، جامع التواريخ. تاريخ المغول، الالخانيون تاريخ هولاگو، وزارة الثقافة والارشادات القومي، الجمهورية العربية المتحدة.

-٥٣ ابن واصل، (١٩٥٧)، مفرج الكروب في أخبار بني أيوب، دار الكتب والوثائق القومية، المطبعة الأميرية، القاهرة.

-٥٤ ابن الوردي،(١٩٩٦)، تاريخ ابن الوردي، ط١، دار الكتب العلمية ، لبنان.

-٥٥ ابو يوسف، عبد القادر احمد، (١٩٨٤)، الامبراطورية البيزنطينية، المكتبة العصرية، بيروت.

-٥٦ ابو يوسف، فتحي، (١٩٨٦).المصاهرات السياسية في العصرين الغزنوي والسلجوقي، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.

-٥٧ اليونيني، (١٩٩٢)، ذيل مرآة الزمان، ط٢، دار الكتاب الإسلامي، القاهرة.



**الملخص:**

عبر التاريخ كانت المصاهرات اتفاقا بين طرفين أو عائلتين، خاصة الزيجات السياسية بين السلاجقة الروم والدول والأطراف الأخرى، وغالبا ما كان المصاهرات حلا لإنهاء الحرب واتفاقا لإنهاء القضية، وغالبا ما كان السبيل الوحيد للاعتراف بشرعية رجال الحكومة والسلطة، الذين كانوا قوة جديدة في المنطقة وكانوا أقوياء بعد

تأسيس دولتهم، وكان لديهم العديد من الزيجات السياسية مع الدول والأحزاب الأخرى. تشتتت العلاقات السياسية بين السلاجقة الروم والأطراف الأخرى طوال فترة حدث المصاهرات السياسية، ولكن ما يثير القلق هو أن المصادر لم تعط أهمية كبيرة بالجانب الاجتماعي في التاريخ الإسلامي.

وكثيرا ما استخدمت هذه الزيجات لغرض معين وتم تحديد هدفها، وفي كثير من الأحيان لم تصل إلى الهدف المحدد والفوضى والاضطراب جاء من المنتج، حاول السلاجقة الروم من خلال الزواج السياسي إعادة أنفسهم إلى القوى الخارجية بهذه الطريقة. لتحقيق سلطتهم، وتوسيع حدود دولتهم، التي استولوا عليها في منطقة الأناضول بعد حرب ملاذجرد، والتعاون السياسي بينهما كان للسلاجقة الروم والقوى والجماعات الإسلامية الأخرى نفس الأهداف والنوايا لتطوير علاقتهم مع القوة، باستثناء زواجهم. فالسياسة لم تعكر صفو دائرة القوى والجماعات الإسلامية فحسب، بل من خلال هذه الطريقة، تم تنفيذها أيضا مع قوى وأحزاب إسلامية مثل الروم المتفوقين والعرب والمغول، لتعزيز علاقتهم من هذا المنظور.